## "افتتاح ناصری"

ئێرانی و ئازەربایجانییەکان سەبارەت بە شۆڕشی ساڵی 1880ی شێخ عوبەیدیللای نەهری گەلێکیان کتێب و یادداشت و بیرەوەری نووسیوە.

یەک لەوانە کتێب یاخود نامیلکەیەکە بە ناوی "افتتاح ناصری" - کە بە ناوی ناسرەدین شای قاجارەوە کراوە و عەلی ئەکبەری سەرهەنگ نووسیویەتی.

یادداشتەکانی سەرهەنگ گەلێک لایەنگرانە و دژی شێخ و هەروەها دژی کورد نووسراون و زۆرێک لە رووداوەکانی ورمێ و شنۆ و مەهاباد و میاندواو و بناوی لە روانگەی خۆیەوە تۆمار کردوون، بەڵام لە نێو هەواڵ و بۆچوونەکانیدا راستەقینەی جینایەتەکانی سوپای ئێران دەردەکەوێت، بۆ نموونە، لە باسی شەڕی سوپای ئێرانیەکان لەگەڵ "فەیزوڵڵابەگ"ی لایەنگری شێخ، دا دەنووسێت :

***"ئەو ئافرەت و منداڵانەی لە گوندەکاندا مابوونەوە، بە ئاگر سووتان"*** (ل 117).

لە ماوەی راپەڕینەکەدا هۆزی فەیزوڵڵابەگی لەگەڵ سوپای شێخ کەوتوون و شەڕی لەشکری ئێرانیان کردووە و بەم بۆنەیەوە دوای هەرەس هێنانی شۆڕشەکە، لەشکری عەجەم بە میاندواودا بەرەو تیکانتەپەی هەوشار و هەروەها ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لە رۆژهەڵاتی بۆکان هاتوون و لە قوڕەبەراز و جامەردەوە سوپای فەیزوڵڵابەگییان بەرەو بۆکان (کە دەڵێ گوندی سەیفەددین خان کوڕی سەردار[عەزیز خان] ە ڕپێ ناوە و و بەرەو مەڵڵالەر و قەڵا (ی رەسووڵە سیت) رۆیشتوون، لەوێ خان بابەخانی کوڕی مەجید خانیان لەگەڵ پازدە کەسی تر کوشتووە. مەجیدخان لە لایەن شێخ عوبەیدیللاوە کرابووە فەرمانڕەوای سابلاخ. کەس و کاری کوژراوان بەرەو گوندی حەمامیانی بۆکان ڕۆیشتوون و سوپای عەجەم کەوتوونەتە شوێنیان،هەتا لەوێش دەریان دەکەن. نووسەر دەڵێ سەربازانی سوپاکە تورک بوون و بەشێکیان میاندواوی بوون کە هەر ئەوان بوون بەهۆی کووژرانی خان بابەخان. هەروەها دەڵێ سەیفەددین خان لەگەڵ ئاغاپاشای برای قادرئاغا هاتن بۆ سەربازگەی دەوڵەتی(واتە لای ئەوانیان گرت).

کاک محەمەد حەمەباقی ئەم کتێبەی واتە "افتتاحی ناصری" لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی. و لە لاپەڕە 73 تا 144ی "ئەکادیمی" - گۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە 4 دا چاپی کردووە.

ئەکادیمی - گۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، ژمارە 4، ساڵی 2006، لاپەڕەی 73 تا 144 کوردی.